# دواهەمین هەناری دونیا لە چی یەوە دزراوە و چۆن دزراوە ؟

**بەشی یەکەم**

مادام کێشەکە کێشەی ئەدەبی یەو ئەدەبیش موڵکی هەموو جۆرە کوردێکە وهەرپارچە نووسینێك یا کتێبێکیش کە بە نیازی کاری ئەدەبی پێ ئەخاتە کتێبخانەی کوردیی یەوە شتێکی شەرعی ورەوایە رووبە رووی رەخنەو شتی وا بێتەوە لە حاڵێکی وەهادا بە هەقی خۆمانی ئەزانین چ وەك کوردزمان ، چ وەك دۆستی ئەدەبی ، چ وەك خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی ، چ وەك کەسانێك کە سەرو کاریشمان لەگەڵ کاروباری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دا هەیە ، هەوڵ ئەدەین بێینە ناو مشت ومڕەکەوەو ئەو شتانەی ئەیزانین ولەبەر هەر هۆیەك بووبێت تا ئێستا بێ دەنگیمان لێ کردووە بۆ خوێنەری کوردو ئەدەبی کوردی روون وئاشکرا بکەین وپەردە لەسەر شتە نهێنی وشاراوەکان لادەین وبە خەڵکی بڵێین : ئاها خەڵکینە ئەمە ئەو راستی یانەیە کە هەن وئێوە هەستان پێ نەکردووە یا ناهێڵن هەستیان پێ بکەن. بەهۆی ئەو زانیارانەی لە بەر دەستماندان ئەمانەوێت بێ دوو دڵی و سڵکردنەوە بێینە ناو جەنگی مشت ومڕەکەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ ئەدەین لەم ژمارەیەوە دەست بکەین بە روونکردنەوە و ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی ( بەختیار عەلی ) ئەمانەوێت لە ( دواهەمین هەناری دونیا ) یەوە دەست پێ بکەین بە ناوی ( دواهەمین هەناری دونیا لە چی یەوە دزراوە و چۆن دزراوە ؟ ) . بێگومان ئێمە کاتێك دەست ئەدەینە ئەو کارە وەك کێشەیەکی ئەدەبی دەستی ئەدەینێ و بەوردی بۆ خوێنەرانی روون ئەکەینەوە .

بڕوا ناکەین هیچ نەتەوەیەك هەبێت ئەدەبەکەی ئەوەندەی ئەدەبی کوردی تەمەنی کورت بێت لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد لە چاو گەلانی تری دەوروپشتی بەتەمەنترین و کۆنترین گەلی ئەم ناوچەیەیە . شیعر لە چاو چیرۆك و ڕۆمان و بەشەکانی تری ئەدەبدا تەمەن درێژترین دیاردەی ئەدەبی یەتی (چیرۆیك) لە چاو (ڕۆمان) دا تەمەنی زۆرترە بەڵام (ڕۆمان) کورترین تەمەنی ئەدەبی هەیە ئەگەر (پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی) و(ژانی گەل) ی (برایم ئەحمەد) بە دیاری کردنی (ڕۆمان) لە ئەدەبی کوردیدا حساب بۆ بکەین کەلە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە دایك بوون ئەوسا تەمەنی (ڕۆمان) لە ئەدەبی کوریدا لە پەنجا ساڵێك تێ ناپەڕێت . ئەو تەمەنەش بۆ ئەدەبی گەلێك وەك گەلی کورد هەر هیچ نی یە و تەمەنێکی زۆر کورت و ساوایە هەر لەو روانگەیەوە باسکردنی (ڕۆمان) لە ئەدەبی کوردیدا وەك شێوەیەکی هونەری ئەدەبی تا رادەیەك ئاڵۆز و گرانە ، هەر کەس شارەزای ئەدەبی کوردی بێت دان بەو راستی یەدا ئەنێت کە باسمان کرد ، لەلایەکی ترەوە بڵاو بوونەوەی هونەرو ئەدەبی (ڕۆمان) دوای (پێشمەرگە) و (ژانی گەل) بەزۆری دوای ساڵانی هەشتاکان و بە زۆریش دوای بڵاوبوونەوەی بەرەڵایی دوای (ڕاپەرین) وەك دیاردەیەکی زەقی ئەدەبی ناوی کەوتووەتە ناو ناوانەوە تا دێت ئەو ناو نانە زۆرتر و بەربڵاوتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەل بڵاو ئەکاتەوە ، وای لێهاتووە ڕۆژ نی یە ڕۆماننووسێك لە دایك نەبێ و بەبێ شەرمانە لە کتێبەکەی ناوی (ڕۆمان) نەنووسێت ، ئەگەر بپرسین : ئەرکی ئەمانە (ڕۆمان) بن ؟ ئەرکێ هەر کەس قەڵەمی بەدەستەوە گرت توانای ڕۆمان نووسینی هەبێ ؟ تۆ بڵێ ی (ڕۆمان) نووسین کارێکی ئەوەندە ئاسان و بێ ئەرك بێت ؟ ئەگەر ئەو کتێبە نووسراوانە (ڕۆمان)بن ئەی (پێشمەرگە) و (ژانی گەل) ئەبێ ناویان چی تر بێت ؟ بەم جۆرە هەزارەها پرسیار بەرۆکی ویژدانی خوێنەرو خوێنەواری ئەدەبی کوردی ئەگرێ و پێویستی بە وەڵامدانەوەیە . ئێمە لێرە دەست ئەکەین بە دەسپێکردنی باسە ئەدەبی یەکەمان لە ناو ئەو دارستانە چڕو ئاڵۆزەی نەخوێنەوار و خوێنەواری ئێستادا رووبە رووی یەکێك لەو کێشە ئەدەبی یانە ئەبینەوە کە زۆرتر لە ڕێگەی حیزب و حیزبایەتی یەوە ئەو قەیرانە ئەدەبی و گەندەڵە هونەریی یەی بەسەردا ساپاندووین تا دێت چاڵ و کەندی وێرانی لە ڕێماندا قوڵتر وقوڵتر ئەکاتەوە .

لە بارو دۆخێکی وەهادا کێشە دزی و گزی لەم لاو لەولا خەریکە ئەبێتە شتێکی ئاسایی و بەناوی سەردەمی (عەولەمە)وە دەرخواردی خوێنەری کورد ئەدرێ، ئەگەر کەسێك ئاماژە بە خەوشێك لەو خەوشانە بکات (خێڵی قەلەموون) بەیەکەوە بەسەریدا ئەقیژێنن. ئێمە ئەمانەوێ بێ سڵەمینەوە ئەو دەرگایە بە رووی ئەو هەموو گەندەڵی یەدا بکەینەوە و ئەوەی پێویست ئەکات روونی بکەینەوە . بەر لەوەی بچینە سەر باسەکە حەز ئەکەین هەر لە ئێستاوە ئەو پەنجەرەیەش دابخەین کە ناوی ئەدەبی بە راوورد کاری یە چونکە بەلای ئێمەوە ئەو دیاردە ئەدەبی یە ئەگەر بۆ سەردەمی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی راست بێت بێ گومان بۆ سەردەمی دوای ئەو جەنگە و سەردەمەکانی دواتر کە ئەمڕۆش ئەگرێتەوە هەرگیز راست نی یە پێویستە ئەو جۆرە پاساو دانە وەلانرێ و نەکرێ بەرێگەیەك کە خەڵکانی (دز) خۆی پێ بپەڕێننەوە و بەناوی حاڵەتی کاریگەریەوە پاساوی پێ بدەنەوە چونکە ئەمڕۆ گەلان بە جۆرێك تێکەڵاو بوون ئاگایان لە لێدانی دڵی یەکتر و هەناسە دانی یەکتر یە و ناکرێ بە ناوی ئەدەبی بەراوردکاریەوە شەرعی یەت بە دزینی داهێنانی کەسێك بۆ کەسێکی تری بەرامبەری یا دوای خۆی بدرێت .




پاش ئەو روونکردنەوەیە دێینەوە سەرباسەکەی ئەمانەوێ قسەی لە سەر بکەین . ئەویش وەهایە : وەك پێشتر وتمان لە دوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە بە ناوی ئەدەبی (ڕۆمان) وهونەری (ڕۆمان) نووسینەوە زۆر ناو سەریان هەڵداوە و بەناوی ڕۆمانەوە بەرهەمیان توڕداوەتە ناو ئەدەبی چۆڵ و هۆڵی کوردی یەوە و دوای (ڕاپەڕین)ی (١٩٩١)یش زۆر و بۆر تر بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەژاری ئەدەبی کوردی بە حەدێکە وەك ئەوەی لێهاتووە کە چۆن پیاوێك لە ناو هەزاران ژندا دیارە وتار نووسێك یا شیعر نووسێك ئاوایی یە لە ناو هەزاران خەڵکی تردا دیارە و ئاماژەی پێ ئەکەن و ئەڵێن : (ئەوە . فلانە!) ئەمەش بەڵگەی هەژاری و کەساسی ئەدەبی کوردی ئەگەیە نێت و هەر ئەوەش وای کردووە هەر کەسێك دەستی دایە قەڵەم ئەبێتە شاعیر و چیرۆك نووس و (ڕۆمان) نووس و جار جاریش رەخنە نووس و مێژوو نووس و وەرگێڕو شتی تریش . خۆ ئەگەر حیزبۆکەیەکیش لایەنگری ئەو کەسەبێت ئەوە زۆرتر ناوی بڵاو ئەبێتەوەبۆ نموونە یەکێك لەوانەی لە دوای (ڕاپەرین) ەوە ناوی تەقیەوە کەسێك بوو بە ناوی (بەختیار عەلی) هەر کەسێك بیەوێ بە دواچوون بۆ (بەختیار) بکات ئەبینێ ئەو لە هەموو بوارێکی ئەدەبی و نائەدەبی دا هەیە و نی یە . لە سەرێکەوە (ڕۆمان) نووسە ، لەسەرێکی ترەوە (شاعیر) ە، لەسەرەکەی ترەوە کۆمەڵناسە ، فەیلەسوفە ،سیاسی یە ، رەخنەگرە هەموو شتێکە تەنها گۆرانی ناڵێ و مۆسیقاش لێ نادات .

لەگەڵ هەموو ئەمانەی‌شدا (بەختیار) قسەی ئەم و ئەوی زۆر بە دواوەیە خۆی بەوە ئەڵێت (بەغالەت) و (بەغیلی پێبردن) بەڵام خەڵکی بەوە ئەڵێت (دزی وفزی) . یەکێك لەو باسانەش کە ئێمە ئەمانەوێ لێرەدا لەسەری بدوێین شتێکە لەو قسانەی خەڵك ناوی ناوە (دزی و فزی) و هەوڵ ئەدەین لەمەو بەدوا لەم لاپەڕەیەدا پەخشی بکەین . (بەختیار) بەرهەمێکی بە ناوی (دواهەمین هەناری دونیا) وەك هەیە کە خۆی بە (ڕۆمان) باسی لێوە ئەکات جا ئەو بەرهەمە (ڕۆمان) بێت یانا ، ئێمە جارێ لامان گرنگە باسی لە دزینە کەی بکەین .

ئەم بەهەمەی (بەختیار) لە (کورتە ڕۆمان) ێك بە ئەنقەست یا بە هەڵە دزراوە کە خۆش بەختانە ئەویش کراوە بە کوردی و هەموو خوێنە وارێك بیەوێ راستی یەکە بدۆزێتەوە ئەتوانێت ئەو کورتە ڕۆمانە بخوێنێتەو بەراووردی یەکتریان بکات . حەز ئەکەین هەر لە ئێستاوە هەندێك زانیاری سەبارەت بە چۆنی یەتی ئەو دوو بەرهەمە بڵاوبکەینەوە تالای خوێنەر جێ ی سەرنج و سەر سووڕمان نەبێت :

کورتە ڕۆمانەکە ناوی : کورتە ڕۆمانی (شەترەنج)ەوە لەلایەن (ستیڤان تسڤایگ) ەوە نووسراوە و لەلایەن (عەبدول موئمین دەشتی) یەوە لە زمانی (ئەڵمانی) یەوە کراوە بە کوردی و لەلایەن (وەزارەتی ڕۆشنبیریی)یەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ساڵی بڵاو کردنەوەشی ساڵی ٢٠٠٢ولەسلێمانی چاپکراوە . هەروەها نووسراوی (دواهەمین هەناری دونیا)ش لە ساڵی ٢٠٠٢ و لەلایەن چاپخانەی (رەنج) ەوە لە شاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە . ئەگەر بەم چاپکردنی ساڵی ٢٠٠٢ بێت دوو بەرهەم بەکوردی جێ ی سەرسووڕمان ئەبێت قسە لەسەر دزی ودزی کاری ئەدەبی بکرێت بەڵام کێشەکە جۆرێکی ترە کە بە هیچ جۆرێك ساڵی ٢٠٠٢ نابێتە ڕێگری روونکردنەوە چونکە ئێمە قسە لە چاپکردنی دوو بەرهەم لە (سلێمانی) دا ناکەین بەڵکو قسە لەبەرهەمێك ئەکەین کە پەیوەندی بە شوێنێکی ترو بە ساڵە هایەکی دوور و درێژی تەمەنەوە هەیە . بۆ ئەوەی خوێنەر زۆرتر لە ڕووداوەکە بگات ئەبینین وەرگێری کورتە ڕۆمانی (شەترەنج) ئەم سەرنجەی نووسیووە : (چلو حەوتەمین چاپی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە بۆ کوردی کە لە بنکەی بڵاوکردنەوەی (فیشەر) لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری فرانکفۆرت ئەم مایـن بڵاوکراوەتەوە) خوێنەری ئاقڵ لەم سەرنجەدا زۆر شت ئەخوێنێتەوە وەك (چلو حەوتەمین چاپی ئەڵمانی) وەك (ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری فرانکفۆرت) کە ئەو شارە ساڵانە بە ناوبانگە بە کردنەوەی پێشانگای کتێب لە تەواوی دنیا دا وەك دەریش کەوتووە هەمیشە لە مانگی (دە) دا (واتە تشرینی یەکەم) پێشانگاکانی ئەکرێتەوە . هەروەها وەرگێر سەرنجێکی تریشی نووسیووە و ئەڵێ : (لە ٢٠٠٢/٥/١٩ بەیارمەتی خودا لە وەرگێڕانی ئەو نۆڤلێتە بوومەوە) . با وردتر بچینە لەسەر ئەو سەرنجانە : کە نووسراوە (چلو حەوتەمین چاپی ئەڵمانی) تۆ بتەوێ ونەتەوێ پرسیاری ئەوەت لادروست ئەبێ کە بۆچی کتێبێك (چلو حەوت) جار چاپ بکرێت و گرنگی لە چی دایە ؟ دیارە شتێك گرنگ نەبێ بە تایبەتی لەو جۆرە وڵاتانەدا چل و حەوت جار چاپ ناکرێت لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئەو کورتە ڕۆمانە خۆی لە چ ڕۆژگارێکدا نووسراوە ؟ ئەمەش بۆ خۆی هەندێك لە حاڵەتی سەرسوورمانەکە کەم ئەکاتەوە . وەرگێڕ نووسیوویەتی : (١٩٤١ نۆڤلێتی (شەترەنج) بڵاو دەکاتەوە)..

ئەگەر تەمەنی نووسینی (شەترەنج) لە ١٩٤١وە دەست پێ بکات و لە ساڵی ٢٠٠٠ دا چل و حەوتەمین جار چاپ بکرێتەوە وەك ئەوە وایە ساڵانە چاپ بکرێت ، حەتمەن ئەو چاپکرنانە بەڵگەی گەورەیی ئەم کورتە ڕۆمانە ئەگەیەنن . ئەگەر لێرەوە




بچینەوە سەر شەخسی (بەختیار عەلی) کە کوردێکی ئەڵمانی یە و خۆشی بە ئەڵمانی زان نیشان داوە ئەبێ کاتێك چووبێتە ناو ئەو پێشانگایەوە و ئەو بەرهەمە سەرنج راکێشەی دی بێت چۆن بیر کردبێتەوە و لە دڵی خۆیدا چی وتبێت ؟ ئەم پرسیارانە هەن بەر لەوەی ئێمە قسە لەسەر هەر شتێك بکەین . ئێمە کە بەوردی ئەم (کورتە ڕۆمانە) مان بەو نووسراوەی (بەختیار) بەراوورد کرد لە سێ لایەنەوە دزینی لای (بەختیار) هەیە کە بەم جۆرەن :

یەك / لەلایەنی بابەتەوە
دوو / لەلایەنی تەکنیکەوە
سێ / لەلایەنی بیرو بۆ چوونەوە

حەز ئەکەین پێش ئەوەی یەك بە یەك ئەو لایەنانە روون بکەینەوە خوێنەر خۆی هەر دوولایان بخوێنێتەوەو بەراوورد بە یەکتریان بکات بۆ ئەوەی لە کاتی روون کردنەوەکانی ئێمە دا زۆرترو چاکتر دەسەڵاتی بەسەر کێشە دا هەبێ و بە ئاگایی یەوە ڕووداوەکە تێ بگات .

ماوەتەوە سەر ئەوەی لێرەدا ئاماژە بە سیفەتێکی تایبەت بە (بەختیار) و شاعیرێکی برادەری بکەین ئەویش ئەوەیە هەر کەس شارەزایانە نووسین و شیعر و بەرهەمی ئەو دووکەسە بەراوورد بکات لەگەڵ هی ئەوانەی دەست پیسی لێوە ئەکەن ، هەست ئەکات ئەو دوو کەسە هونەرمەندانە ئیشی خۆیان ئەکەن و ئەوەندە بەسەلیقەشن تیایدا کوڕی خۆی ئەوێ بیان گرێ و بڵێ : (هەی پیاو ئا ئەمە هی تۆ نی یە) .